الاتحاد العام للاجئين العراقيين/سويسرا
فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی /سویسرا
INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-SWITZERLAND

## ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری ......

## بۆ ڕۆژی سێیەم پەنابەران بەردەوامن لە مانگرتن و دەستیان بەسەر کەنیسەیەکدا گرتووە....

لەرۆژی 19.12.2008 پتر لە 150 پەنابەرو لایەنگری مافەکانی پەنابەران لە جوڵانەوەیەکی سەرکەوتوودا دەستیان بەسەر کەنیسەی پریدگەردا گرت لە شاری زوریخ، لەم چەند ڕۆژەدا ئەم نارەزایەتیە تەواوی میدیای سویسرای بەخۆیەوە بەستەوە، بەهەر سێ زمانی ئەلمانی، فەرەنسی، ئیتالیایی، وە ناوچەیی و سەراسەری.
ڕۆژنامە سەراسەرییە گرنگەکانی وەک NZZ, Tagesanzeiger, 2 0 Minute, Tage, sblatt 24, وە تەلەفزیۆن سەراسەری وناوچەییەکان، رادیۆکان FS1, telzur radio top,lora, fontana, enerje, بایەخیکی تایبەتیان دایە ئەم ئاکسیۆنە. وە لەزمانی پەنابەرانەوە ژیانیان لە نیو ناهەمواری هایمەکان، سەندنەوەی مۆڵەتی کارکردن و زیندانیکردنیان بلاوکردەوە. گۆشەی جۆراوجۆری ژیانی سەختی خیزانەکان، منال و کەموکوری تەندروستیان، بڕینی مووچە و دابینکردنی لانی کەمی ژەمەکان وپەستانیان بەیەکەوە لە ژێرزەمینە سەربازییەکاندا بەژنان و منالان و گەورەسالان و نەخۆشەکان ...چاوەڕوانی دورودریژی سالە وساڵ گوزەران لەم هەلومەرجەدا، ئەمانە لەلایەک ولەلایەکی دییەوە سیاسەتی ناقانوونی و نائینسانی بەریوەبەرایەتی پەنابەری گۆشەیەکی تری سەرنج راکێشانی میدیاکان بوو.
لە نیو میدیای کوردیێشدا جگە لەوەی سەرەتای جولانەوەکە بایەخیکی تایبەتی بوو لە ماڵپەرە جۆراجۆرەکانی سبەی، هاوپشتی، ئەمرۆ، فیدراسیۆن، رووداونیت، پوک میدیا، ئاوینە، ...بلاوکرایەوە ، هەروەها چەندین چاوپیکەوتنی رادیۆیی لەگەل ئەحمەد عەلی لەلایەن رادیۆی نەوا، ناوخۆ، هاوپشتی یەوە ،ئەنجامدرا، وە تەلەفزیۆنی ئاسۆتیڤیش و چەندین ژووری پاڵتاکی موتابەعە و پەیام یان پەنابەران دەدا.
جەمال کۆشش لەگەل زۆربەی میدیا ئەلمانی زمانەکاندا ، وە لەپریسە کۆنفرەنسی رۆژی 20.12. و ئەحمەد عەلی و جەمال کۆشش لە میزگردی رادیۆیی رادیۆ لۆرا دەربارەی ناقانوونی و نائینسانی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەرانی کوردستانی عیراقیان بۆ میدیاکان رۆشنکردەوە.
سیاسەتی ئەوەی کە زۆر بەخێرایی پەنابەر رەد دەکریتەوە لەلایەن بەریوەبەرایەتی پەنابەری، بەبەهانەی ئاسایێش بوونی کوردستان،پاشان لەسەر هەمان بنچینە بەشی ئیسئێئنافیش داواکەی رەد دەکاتەوە و مەلەفی دادەخات، وە پاشان ماوەکەی بۆ دیاریدەکریت بۆ جیٚهشتنی سویسرا ، پاشان ئەوەی ئەو پەنابەرە نەڕوات ، پۆلیس چاودیری دەکات و لە حالەتی گرتنیدا لە زیندانی دیپۆرتکردنەوە حوکمی 24 یان 18 مانگی دەدەن،کە ئەمە لانی زۆری زیندانیەتی وە پیێناڵێن دوای ئەو ماوە چیٚ؟. وە لە زیندانیش بەبەردەوامی فشاری لەسەرە کە ئیمزای بکات بگەریٚتەوە، لە زۆر جاردا تا فرۆکەخانە دەیبەن و لە زیندانی دیپۆرتکردنەوەی فرۆکەخانە شەویک دەمینیتەوەو بیر بکاتەوە لە ئایا ئامادە یە بگەڕیٚتەوە لەسەر خواستی خۆی...ئەگەر سەرنەکەوت بۆ تەیارەکە

ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ زیندانیکی خراپتر...ئەم شێوازە، ئەم میتۆدە ناقانوونیە و چەکیکی قەدەخەکراوە بۆ ناچارکردنی پەنابەر بۆ ئیمزا دان لە پەڕی فۆرمۆڵەیەکی ئامادەکراو.
تا ئیستا دەولەت تەنها لەرێگای میدیاوە وەلامیکی کورتی مانگرتوانی داوەتەوە. وە نوینەرانی پەنابەرانیش هەر لەمیدیاکانەوە وەلامیان پیدایەوە. سووربوونی پەنابەران لەسەر درێژەدان بەمانگرتنەکە، پەیدابوونی پشتوانیەکی بەهیز لە نیو کۆمەلگادا پاش بلاوبونەوەی کێشەکان لە زمانی خودی پەنابەرانەوە، داگیرکردنیکی بەرتەسکی کەنیسەیەک لە شاری لۆزان بۆ پشتیوانی لە مانگرتوان،.دەولەتی لە ژیر فشاریکی گەورەدا داناوە کە بیت راستەوخۆ لەگەل پەنابەران دانیشتن بکات و کێشەکان چارەسەر بکرێن.
لە چەند رۆژی داهاتوودا پێشبینی دەکریت ئەم فشارە دەولەت ناچار بەهەلۆیست بکات. ...
فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی/ سکرتاریەتی سویسرا
20.12.2008

بۆ دەستکەوتنی زانیاری تکایە پەیوەندی بەو دوو ژمارەیەوە بکەن کە لە خوارەوە دا هاتوون هەروەها تەماشای ئەم لینکانەش یارمەتیتان دەدات.
www.fedirationifir.com راپۆرتیکی وێنەیی.
http://www.tagesanzeiger.ch/zuerich/stadt/PredigerkirchenBesetzer-kritisieren-das-kantonale-Migrationsamt/story/26900357

http://www.tagesanzeiger.ch/zuerich/stadtzuerich/story/12850823
http://www.sosf.ch/cms/front_content.php?idcatart=2967
http://www.20min.ch/news/zuerich/story/26722952

http://www.toponline.ch/area-1.rub-45.art-113849.tce

http://www.nzz.ch/nachrichten/zuerich/papierlose_predigerkirche__1.1516276.html
http://tagesschau.sf.tv/nachrichten/archiv/2008/12/19/schweiz/sans_papiers_besetzen_predigerkirche
وە چەندین سەرچاوەی تر

---

جەمال کۆشش 0787557786 www.fedirationifir.com ئەحمەد عەلی 0788532004
www.csdiraq.com
IFIR, Postfach 7643, 3001 Bern
ahmadali525@hotmail.com